# هەڕاجی ئەنفال؛نەتەوەیەک ڕێز لە سیمبولەکانی خۆی نەگرێت، چارەنووسی نادیارە

ئامانج شاکەلی

لە مێژووی کۆن نوێی نەتەوەی کورد دا، هیچ کارەرات و نەهامەتییەک ناگاتە ترسناکی و بە سوێی ئەنفال. چونکە ئەنفال جگە لە ئەندازەی گەورەیی و بەرفراوانی کارەساتەکە، یەکەم پلانی تۆکمە و بە وردی و کاوەخۆ نەخشە بۆ دارێژراو و بە بوودجە و توانایەکی سەربازیی و ئیستیخباراتی لە رادەبەدەریش پاڵپشت و جێبەجێ کراوە کە سەرلەبەر بە نیازی تواندنەوە و لە ناوبردنی گەلی کورد لە بەشێکی بەرچاوی کوردستاندا تەرخانکرابێت.

ئەو بەڵگەنامانەی کە ڕۆژانە لە کاتی داداگایی کردنی تاوانکارانی ئەنفالدا پیشاندەدرێن، بڕێکی ئەکجار بچووکی گەورەیی و ترسناکی ئەو ئۆپیراسیۆنە دەردەخەن.

هەر چەند پێموایە، ئەو چەند کەسەی ئێستە بەتاوانی ئەنفال لە قەفەزی دادگادا دانیشێنراون، هەرگیز نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی تاوانکارانی ئەنفال ناکەن. کارێکی یەکجار گەوجانەو خۆخەڵەتێنانەیە کارەساتی ئەنفال وە ئەستۆی پێنج شەش تاوانکار بخرێت و ئەودوایی وردەکارییەکان و جێبەجێکەرانی کردارەکە هەروا بە سوک و سانایی پشتگوێ بخرێن و ڕەوتاری ئەو هەزاران تاوانکارانەی ڕۆڵی سەرەکییان لە سەرخستنی ئەنفالدا بینی، دێزە بە دەرخۆنە بکرێن.

ئەنفال، سووکە بڕیارێکی ڕۆتینی نەبوو تا بە هەموو کەسێک و هەر توانایەکی بەردەست بێتە ئەنجامدان. دڵسۆزی و دڵگەرمی لە ڕادەبەدەر و ڕق و کینەی ڕەگ و ڕیشەداری دژ بە کورد و پەروەردەی شۆفێنیزمی عارەبی نەبووایە، هەرگیز نەدەکرا ئەنفال بەو ئەندازە و لەو ماوە دیاری کراوە و بەو ڕێکوپێکییە ئەنجام بدرێت.

ڕەگ و ڕیشەی بیرۆکەو ئایدیای ئەنفال ناکرێت لە سەرجەم هزری شۆفێنیزمی عارەبی جیابکرێتەوە. لە ڕاستیدا، ئەنفال زادەی ئەو تیۆرییە ڕەگەزپەرستانەییەیە کە پێی وایە عارەب باشترین و چیترین نەتەوەی تیرەی مرۆڤن . ئەگینا زیندەبەچاڵکردنی دەیان هەزار مرۆڤی سیڤیل، زگهەڵدڕینی ژن و منداڵ، لە تینوا خنکاندن و لە برساندا کوشتنی ساوا و مەلۆتکەی لە پەپولان بێگوناهتر، ئاگر تێبەردانی سەدان ماڵ و کەلامی خوا و دەیان هەزار کردارو تاوانی قیزەوەر لە چوارچێوەی ئەنفالی چەپەڵدا، ناکرێت بە بڕیارێکی هەوسبازانەی کاتەکی چەند سەرکردە و کۆماندانی لەشکریی ببەسترێتەوە.

لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونانەی دەیانهەوێ ئەنفال لەو چوارچیوە تەسک و بچووکەدا قەتیس بکەن، هۆشیارانە و زیرەکانە، نەخشە بۆ ئەنجامدانی ئەنفالێکی ترسناکتر و ماڵویرانکەرتر دادەڕێژن.

لەوەش خراپتر، لەقەڵەمدانی کارەساتی ئەنفالە وەکو مەسەلەیەکی ناوخویی. وەک ئەوەی ئەنفال، کریارێکی سەربازیی بچووکی ڕۆژانە بێت کە ئەنجام و بەرەنجامەکانی لە هەمان کات و دەمی کۆتایی هاتنی کریارەکەدا دەرکەوتبن و ئیدی هیچ شوێنەوار و کاریگەرییەکان بەدوادا نەیەت.

دەسەڵاتی کوردی، میدیای کوردی، ڕەهەندی کوردی لە سەرانسەری جیهاندا، پێکەوە، لە هەمبەر بەکەمگرتن و پشتگوێخستنی ئەنفالدا یەک قسەو یەک بڕیارو یەک هەڵوێستن. تا ئەمرۆش نەتوانراوە یەک لە سەدی گەورەیی و ترسناکی ئەنفال بە ڕای گشتی جیهان بناسێرێت. هێشتا خۆپیشاندانێکی مەزن کە بارتەقای کارەساتی ئەنفال بێ، نە لە ناوخۆو نە لەدەرەوەی کوردستاندا ساز نەکراوە.

ئەو چاوپێکەوتن و فیلمە دۆکۆمێنتیانەی لە مێدیاکانی کوردستانەوە لەگەڵ قوربانیانی ئەنفال و سەبارەت بە ئەنفال ساز دەکرێن، هێندە ناشیانەو خراپ سازکراون زۆرجاران، بینەر لە تەماشاکردنیان هەڵدێت. کار گەیشتۆتە ڕادەیەک، کوردێکی شارنشینی لە ئەنفال بە دوور، بێزی لە تەماشا کردنی ئەو بەرنامەو دۆکۆمێنتانە دەبێتەوە.

تەلەفزیۆنە کوردییەکان لە پێشبڕکێیەکی ناشیانە و نا شەرافەتمەندانەدان بۆ سازکردنی فیلمی بێتام و ناشیرین و سووا و لەهەموو لایەنێکی هونەری بێبەریی یان چاوپێکەوتنی ناشیانە و بێهودە لەگەڵ کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا.

مەسەلەی بە دۆکۆمێنت کردنی ئەنفال، تا ئێستەش بەشێوەیەکی شایان هەربیریشی لێنەکراوەتەوە. شوێنەوارە زیندووەکانی ئەنفال پاش چەند ساڵان دەمرن و لە ناو دەچن.

ئەنفال ئەگەر دژ بەهەر نەتەوەیەکی تر جگە لە کورد ئەنجام درابایە، ئێستە گەلێ هەنگاوی گرنگی بەرەو سەربەخۆیی هەڵهێنابوو.

نەوەی داهاتووی کورد، ئەگەرباسی ئەنفال ببیستێت، ڕەنگە بە بەسەرهاتێکی خەیاڵی زانستی تێبگات!!

هەموو هیوای قوربانییەکانی ئەنفال، ئەو پەیمان و بەڵێنە هەزار گاسنەو هەزاربارە کراوانەی دەسەڵاتدارانە کە تا ئەمڕۆ، بە دەگمەن نەبێ، جێبەجێ نەکراون. قوربانییەکانی ئەنفال ئەمڕۆژانە، دەبێ شوکرانە بژێربن، ئەگەر لەکاتی سەردانی فەرمانگەیەک یان تەنانەت چاخانە و باخچە و شوێنێکی گشتیدا، نەکرێن بەگاڵتەجاڕی حازرخۆرانی بەرسێبەر و مشەخۆرانی سەربرێنی بێسارێژی نەتەوەییمان..

هەژارترین و بێخزمەتترین و نەدارترین کەس لە کوردستاندا، قوربانییەکانی ئەنفالەکانن. ئەو پیرەژن پیرەمێردانەی سیمایان ئازار و کەسەری ئەنفالیان لێدەبارێ، لەڕاستیدا مۆزەخانەی زیندووی خوێناویترین سەردەمی مێژووی نەتەوەکەمانن. کەچی هێندە کەساس و لاتەریک و پشتگوێخراون شەرم لە حاڵوباری خۆیان دەکەن!

سیاسەتەوانی کوردم لە تەلەفیزیۆنە عارەبییەکاندا بینیوە لە ئاست پرسیاربارانی ڕۆژنامەوانێک سەبارەت بە دەرکردنی تاکە یەک ماڵی عارەب لە کەرکووک، زمانی تەتەڵەی کردووە!! وەک ئەوەی تاکە یەک ماڵی داگیرکەری عارەب لە ژیانی پتر لە سەدوهەشتا هەزار مرۆڤی کورد و وێرانکردنی هەزار گوندو شارۆچکەی کوردستان، بەنرختربێ!!

ئێمە هێشتا فێر نەبووین ڕێز لە قوربانییەکانی خۆمان بگرین. لە ئاست مەرگەساتەکانماندا سام بمانگرێ، شیوەنێکی لە دڵەوە بۆ گیانی بە ئازارەوە هەڵفڕیوی ئازیزانمان بگێڕین. هەمیشە کوڕانی خۆمان کردۆتە بەلاگەردانی کچی خەڵک. ئەی ئەگەر وانییە، کوا دەنگی پشتگیری قوربانییەکانی ئەنفال لە گەرمەی دادگایی برێ لە تاوانکارانی ئەنفال؟! کوان هەزاران خۆپیشاندەرانی کورد لە شار و دێهاتەکانی کوردستاندا؟ چالاکی و هەوڵوتەقەللای دیپلۆماسی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کام تونی باوە عەمرە یان حەوتخانی ڕۆستەمدا قەتیس ماون؟

مانگرتن و خۆپیشاندانی ڕەهەندی کورد لە جیهاندا بۆ وەک پلاوی خانەقاو شاری جابولقا بێ ناوو ڕەنگە؟!

ئێمە کە خۆمان لە ئاست کەسەر و خەم و نەهامەتییەکانماندا هێندە خوێنسارد و بێهەست بین. ئەوەندە خێرا ڕابووردووی تاڵی خۆمان لە بیر بچێتەوەو لە ئاست دوژمنانماندا دڵپاک و لیبووردە و بەرامبەر بە هاوخوێن هاوڕەگەزانمان کەڵەشێر سیفەت و دڵڕەق و بێهەست بین، دەبێ چاوەڕوانی زۆر شالاوی ئەنفالئاسای دیکە بین..